# بەڕێوەچوونی ئاهەنگی نەورۆز لە فینلاند

**کرمانج حەقی**

ڕۆژی شەممە 2002/3/23 کۆمەڵەکانی کوردی یەکگرتن, کۆمەڵەی کوردەکانی ناوچەی تورکۆ و کۆمەڵەی ئاشتی بۆ کوردستان ئاهەنگێکی هاوبەشی نەورۆزیان بە هونەرمەندی هونەرمەندان کاردۆ شێخۆ و قادر ئەلیاسی, ساز کرد. لەو ئاهەنگە پڕ جۆشەدا کە بە بەشداری زیاتر لە هەزار کەس لە کوردەکانی دانیشتووی فینلاند لە هەموو پارچەکانی کوردستان و دەیان کەس لە ئێرانی و عەرەب و کوردپەروەرانی فینلاندی بەشدار ببوون, جەژنی نەورۆز بە شکۆیەکی کەم وێنەوە بەرپا کرا.

ئاهەنگی نەورۆز بە سروودی نەتەوایەتی "ئەی رەقیب" لە لایەن یەکیەتی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران رێکخراوی شاری ڤاسا و بەرزکردنی ئالأی کوردستان دەستی پێکرد. بە دوای راگەیاندنی یەك دەقیقە بێدەنگی, وتاری هاوبەشی کۆمەڵەکانی پێکهێنەری ئاهەنگەکە بە زمانی کوردی لە لایەن مەجید حەقی یەوە پێشکەش کرا. بە دوای ئەودا بەرێوە بەری ئاهەنگ کاك کاوە عەزیز وتاری هاوبەش بە زمانی فینلاندی پێشکەش کرد و ئەوجا بەشی هونەری ئێوارەکە بە نیشاندانی چەند سەمای کوردی لە لایەن یەکیەتی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دەستی پێکرد و هونەرمەندان کاردۆ شێخۆ و قادر ئەلیاسی بە دەنگی بە سۆزیان جۆشێکی ئەفسانەویان بە ئاهەنگە بەخشی.

لە میانەی کارنیڤاڵە هونەریەکەی قادر و کاردۆ, هونەرمەندی لاو رێبوار مەحموودی کیژان و کوڕانی گەنجی بەشدار لە ئێوارەکەدا بە دەنگەخۆشەکەی هەژاند و منالأنی دانێشتووی هاکونیلای ڤانتا بە بەرێوەبەری شەهلا نگەهداری چەند رێزە هەڵپەرکێی سنەییان پێشکەش کرد.

ئاهەنگی نەورۆز لە کاتژمێری 4ی دوانیوەڕۆ تا 12ی نیوەشەو درێژەی کێشا.